www.kurdistannet.org
30-7-2003 1:07

# کورد لەنێوان عێراقچێتی و کوردستانی بوونیدا !

کەمال ڕەئوف

بیرو بۆچوونی عێراقچێتی لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی حزب و گرووپی چینایەتیدا سەری هەڵداو هاتە ناوئەدەبیاتی سیاسی کوردیەوە، کوردە عێراقچیەکان بیروباوەڕەکەیان لەسەر ئەوتێگەیشتنە فکریە هەڵدەچنی، کەخەباتی چینایەتیان دەکردە ڕێگاچارەی هەمووکێشەو گرفتەکۆمەلأیەتیەکانی ناوکۆمەڵ و لایان وابووگۆرینی ڕژێمی مەرکەزی کاری هەمووخەباتگێرێکی عێراقیەو ناکرێت لەم کارە هاوبەشەدا جیاوازی نەتەوایەتی و جوغرافیایی ببێتە هۆی لەتبوون ولاوازبوونی شۆڕش، دیارە ئەم تێگەیشتنە لەرووی ستراتیجیشەوە خۆی بەو چەمکانەوە دەبەستەوە کەلای وایە شۆڕشی کۆمەلأیەتی کرێکارانی هەرووڵاتێك ناکرێت دابەش بکرێت بەسەر ناوچەو نەتەوە جیاوازەکاندا چونکە لەئاکام وسەرکەوتنیدا هەمووکێشەکان بەمەسەلەی میللیشەوە بەچارەسەر دەگەیەنێت ودەسەلأتێك دادەمەزرێنن کە مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو میللەتێك بەڕەوا بزانێت، هەروەها لەڕوی تاکتیکیشەوە عێراقچیە کوردەکان پشتیان بەو تێزە ئانی و سیاسی وواقیعیانە بەستبوو، کەدەسەلأتی ناوەند بەتەنها بەبەشێك لەخەڵکی ووڵات ناگۆڕێت ولەوانەشە ئەوکاتە شەڕکردنی دسەلأت وەك شەڕکردن و دژایەتیکردنی میللەتی سەردەست خۆی نیشان بدات، کەئەمەش لەهەمووحالەتێکدا بەتەنها ڕژێمە کان سودی لێدەکەن وئاگری شەڕی نەتەوەکان هەڵدەگیرسێت و چەوساندنەوەی میلەتەکانی بن دەست لولایەن نەتەوەی سەردەستەوە شەرعیەت پێدەدەن، دیسانەوە بەجۆرێکی تریش ڕەنگە ئەمە ببێتە وروژاندنی ئیحساساتی خەڵکی عەرەبی دەرەوەی ووڵات و هاوپشتی ڕاکێشان و پەیوەندی کردن بەووڵاتانی دەرەوەی عێراق کارێکی قورستر بێت. ئێمە تاکو ئێرە قسەیەکمان لەسەر بیرو بۆچونی ئەو کەس و لایە نانەنیە چونکە ئەوان بەئاشکرا داکۆکی لە بیرو ڕاکانی خۆیان دەکەن و ڕاکانی خۆیان لەوبارەوە ناشارنەوە، بەلأم ئەوەی گرفتی خەڵکی کوردە ئەوەیە کەحزبە کوردستانیەکانیش بەجۆرێك لەجۆرە ناشرینەکان بوونەتە عێراقچی و لەپشتی کوردستانی بونیانەوە ئەو عێراقچیە تە پراکتیزە دەکەن کەلەعێراقچیەکان عێراقچی تربن، چونکە کوردە عێراقچیە ئەسڵەکان (جگەلەمەزهەبیەکان) پێیان وایە کەمیللەتی بن دەست لەدوایی ڕوخانی دەسەلأتی مەرکەزی بۆیان هەیە لەڕیفراندۆمێکدا مانەوەو پێکەوەژیانی خۆیان بەدڵخوازانە ڕاگەیەنن، بەلأم حزبە کوردستانیەکان ئەو مافەش لەخەڵکی کورد زەوت دەکەن و لەباتی ئەوان یەکپارچەیی عێراق دەکەنە دروشمی خۆیان وپێی لەسەر ئەوەدادەگرن کەگوایە خەڵك ڕەزامەندە بۆ پێکەوەژیان لەناو چوارچێوەی عێراقکی یەکگرتوودا، مەسخەرەی ئەم بۆچونانە ئەوەیە کەخاوەنانی ئەم ڕایەخۆیان لەنێو ماڵی کوردیدا بەعەمەلی لەچەندساڵی رابردوودا ئەوەیان نیشاندا کەناتوانن پێکەوە ژیانی یەکتری قبوڵبکەن و تاکوئێستاش دووئیدارەو دووحکومەتیان لەچەند شارێکی داخراودا بەردەوامە، بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود کەبەدرێژایی ئەو ماوەییەی دەسەلأتداریێتی حیزبەکانیان ئامادەنەبوون هیچ پلەو جێگەیەکی ئیداری و حکومەتی خۆیان وەرگرن، ئێستا لەمەجلیسی حوکم ئەندامێتیان قبوڵکردوە و بەهیوان لەنێو ئەوقەرەباڵغیەدا کێشەکانی کوردستانیان لەچاو خەڵك گوم بکەن، ئەوان کەتاکوئێستا ئامادەنین ئاشتبونەوەی نێوانیان لەڕووی ئیدارەوخەڵکی شارەکانی ژێردەسەلأتیان بۆ ئەو ئامانجە ئامادەبکەن تاکوئاسەواری ماڵ جیایی و شەڕی ناوخۆ نەمێنی کەچی بازدەدەن بەسەر ئەوەداو دەیانەوێت بەهێنانەوەی پۆزش و داوای لێبوردنی جامیعەی شوفینیستی عەرەبی نێوانی خەڵکی کوردو عەرب چاك بکەنەوەوەو ڕووی ئەو دامەزراوە کە بە هەمووتەمەنی خۆی کارێکی باشی ئەنجام نەداوە و هەمیشە کلکایەتی دەسەلأتە داپلۆسێنەرەکانی کردوە لای خەڵکی کورد سپی بکەنەوە، ئەو دووحزبە لەباتی بیرلەوەبکەنەوە کەتاکەبەندی ناودەستوری عێراقی باس لەوەدەکات عێراق پێکهاتووەلە دوومیللەتی سەرەکی کوردو عەرەبی ئەمە بکەنە ئەمری واقیعی ئێستا ی ناوئاڵوگۆڕەکان وپێ لەسەرهاوبەشێتی ووڵات وبوونی نەتەوەی کوردبکەنەوە وناوی عێراق وەك ووڵاتێکی تەنها عەرەبی لەدەستوردا بسرنەوە، کەچی بەشوێن ئەوەوەن چۆن لەناوئاڵوگۆڕەکاندا ئیمتیازێکی حزبی لەیەکتری زیاتر ببچرن بەردەوام لەبەرامبە ئمتیازە حزبیەکانیاندا دەست بەرداری مافەکانی خەڵکی کوردستان دەبن ئەوان لەباتی ئەوەی دەست بەدەستکەوتەمانی ڕاپەرینەوەبگرن و ناوچەکانی تری کوردستان بخەنەوە ژێردەسەلأتی کوردی کەچی خەریکە ئەونیمچەدەسەلأتەش کەهەیەلەوبەرامبەر خۆبەشەریککردنی دەسەلأتی مەرکەزدا دەدۆڕێنن، لەسۆنگەی ئەو

ئەزمونەتاڵەی حزبی کوردیەوەیە کەهەق وایە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان بەجیا لەبەرژەوەندی ئەو حیزبانەو بەجیالەخوێندنەوەکانی ئەوان بۆ قۆناغەکەو داهاتووی کوردستان، کارو ئەرکی ریفراندۆمی خۆیان ڕاپەڕێنن و نەهێڵن حزب ئەومەسەلەیەش داگیربکات وتێکەڵ بە گەمە سیاسیەکانی خۆیانی بکەن، بە بەدوورگرتنی ریفرانڎم لەدەستی حزب ئەوجێگایەش دەرەخسێ کەبواربۆرای گشتی بخولڵقێ تاکو لەدەرەوەی حزب دەنگوڕنگێکی ترهەبێت و نەهێڵێت هەمووژیانمان بەهەواو ئارەزوودبلۆماسیەتی حیزب بارگاوی بێت، چونکە بەدڵنیاییەوە گەر ئێستا لەغیابی دەسەڵاتی ناوەندن خەڵکی کورد شتێك نەڵێت و داواکانی نەسەپێنێت ئەوا دواتر هیچ زەمانەتێك نیە بۆئەوەی کەگوێمان لێ بگیرێت شتێکمان بۆبکرێت.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.